## پیرۆز بێت سەدەی زیرەک، شکۆی نەتەوەی کورد

نووسینی: حەسەن دەرزی

بێشک وەک ئاگادارن گۆرانی و ئاوازی رەسەنی کوردی مێژویەکی کۆن و دەوڵەمەندی هەیە، کە سەدان ساڵ سەرچاوەی ئەوینداری و خۆشەویستی و شەر شۆر ودردەداری و لەهەمان کاتیشدا پارێزەری زمان و هونەری گەلەکەمان بووە، و نەیهێشتووە لە ژێر گوشاری دوژمنانی کورددا لەبەین بچێت.

لە سەردەمی دروست بوونی رادیۆ و تەلەفیزیۆن و گروپی مۆسیقارەکاندا، یانی سەد ساڵ پیش لە ئیستا، گۆڵی بەختی کوردەواری پشکووت و بلیمەتێکی وەک زیرەکی شکۆداری پێبەخشین کە بێجگە لە داهێنان و بەرهەمە تازەکانی خۆی، بەشێکی زۆر لە گۆرانی و ئاوازە رەسەنەکانی کوردی لە مردن و لە ناوچوون رزگار کرد و بوو بە میراتگری ئەو خەزێنە دەوڵەمەندەی سەدانساڵەی کورد باوەکوو زۆرێکیان لە ژێر زەختی دوژمنان و نەبوونی زانیاری و کەرەسەی پێویستدا، بەداخەوە گیانیان لە دەست داوە و ئاسەواریان نەماوە.

زیرەکی تاقانە زۆر ژیرانە بە ئەرکی مێژویی خۆی هەستا و توانی بەوپەری لێهاتوویی و دەنگ خۆشییەوە، بەشێکیان بۆ هەمیشە لە پرژ و بڵاویی بیانپارێزێ و بە ناوی خۆیی تاپۆیان بکات و بیانگەیێنێتە ئەمڕۆ.

قەدەمی زیرک حەزارەت و شارستانیەتی بە گەلی کورد بەخشی، گۆی زەویی لە مێژ بوو رازی گەۆهەری پڕشنگداری زیرەکی لە ئامێزدا حەشار دابوو و دەویست فەخری خۆی بە شەکاندنی ئاڵای زیرەکەوە بنوێنێ.

پانتایی و بەرینی هۆنەری زیرەکی تاقانە لێرەدا زیاتر خۆ پیشان دەدا ، کە زیرەکی نەمر وەک باڵندە سروشتیەکان خۆرسک و بەبێ زانینی ئەلف و بێی مۆسیقا و بەبێ بەکارهێنانی زانستی ئاکادێمیک توانیویەتی بە سەرسامییەوە لە لوتکەی هۆنەری کوردیدا بە تاقانەیی بمێنێتەوە. لێهاتوویی و ئیعجازی زیرەک زۆر جار دەمانخاتە ماڵی خەیاڵاتەوە و ئەنگوستی سەرسووڕمانمان پێ دەگەزیت کە چۆن توانیویە بە دوای گرۆپی موسقادا بە ئاسایی و بەبێ راوەستان مێلۆدی گۆرانیەکە بگۆرێت، هەر بۆ نمونە گۆرانی "شاییە دەگەرێ" کە تەمنێکی لە مێژینەی هەیە و دایم لە دەرەجە سێی مەقامی شوور یانی بەیاتی تورکدا دەست بەدەست و سینگ بە سینگ هاتووە و گوتراوەتەوە ، بەرێز ئوستاد موجتەبا میرزادە و گروپەکەی نازانم لەبەر چ هۆیەک لە دەرەجەی یەک یانی لە مەقامی شووردا دەیژەنن و زیرەکی بلیمەت

باوەکوو پلەی مۆسیقاییەکەی دەناسێت و دەزانێ لە کام دەرەجەدایە، بەڵام بە شارەزایی و لێزانییەوە دوای گرووپەکە دەکەوێت و زۆر بە ئاسایی و بەبێ ڕاوەستان، لەو دەرەجەیەدا دەیڵێتەوە. ئەو کارە بە باوەری من چێژی گۆرانییەکەی زیاتر و خۆشتر کردووە و گۆڕانکارییەکە نەریتی گۆرانیەکەی بە ناوی زیرەکەوە گوریوە و هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە کەلە ئێستادا دەیبیستن. زیرەک لە ژێر کارتێکەریی ئۆرکێستردا، گۆڕانکاریی لە چەند مێلۆدیی کۆنی دیکەی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیشدا پێکهێناوە کە هەموویان جوانن. هۆنەری مۆسیقایی زیرەک کتێبخانەیکی مێژویی مەزنە و مەکتەبێکی لە بن نەهاتوویی ئەوینە، بۆ منیش پەرستگایەکە. من زیرەک بە ئاو و خاک ونەوڕۆز و سەرچاوەکانی نەتەوەی کورد دەشوبهێنم کە ژیانیان پێبخشیوین؛ زیرەک تاجی شاآنازیی ناوەتە سەر نەتەوەی کورد. شەپۆلی دەنگی نەرم و نیان و گەرم و پڕ لە ئەوینی زیرەک دەتخاتە سەما و سەرمەستی ودنەی دڵداری و ختۆکەی خەستی پێکەنین و شادی، و گۆڵاوپژێنی روحت دەکا.

لە باوەری زۆر کەسدا گونجاوە کە مەزنایەتی ئەم کەڵە هۆنەرمندە بە جۆرێکە ، رۆژ بە رۆژ بایەخی لە ناو هۆنەری کوردیدا زیاتر دەبیت و رۆژانە هەزاران کەس بەو دەنگە زۆلاڵە روحیان گۆڵاوپژێن دەکرێ و هونەرەکەی دەبێتە تەیرێکی تیژباڵ کە سایەی بە سەر دڵانەوەیە وەک شنەی بلاوینی بەهار هارمۆنیاکەی ئاراستەی بیسەر دەکا. سۆزی ئەو دەنگە ئەفسوناوییەی زیرەک دەرمانی دەردانە و بزە و موچۆڕیکی دڵداری و لاوندنەوەی دڵدار و گەیشتنە بە قبیلەی خۆشەویستی و دیتنی حەزرتی یار کە ئۆخژنت حاسڵ دەکات و کۆڵنجی دەردەداریت بۆ دەشکێنێت.

لە ئایینی زیرەکدا ئافرەت جوانترین سەرچاوەیە بۆ وەرگرتنی سۆزی گۆرانی و هەرێمی یار کە پەرستگای دڵە، بە بێ جوانی و ئەفسوونی ئافرەت هیچ ئاوازیک نایەتە ئاراوە. هەر بۆیە زیرەک ژیانی خۆیی هەراجی عیشق و و جوانی کرد و هەر بەو سەودایەوە بە مجنونی و سەرمەستی و دڵڕفێنیی ئافرتەوە و سەری نایەوە.

هەر وەک بە ئاشکرا دەزانین قەدەمی پیرۆزی زیرەکی تاقانە زڕەی زەنگی شۆرشێکی تازە و خەباتێکی ئەدبی و هۆنەری بوو لە مێژویی گەلەکەماندا و بوو بە هۆکاری ژیاندنەوەی ئاوات و خۆزیاکانی کورد و بوژانەوەی شەپۆلەکانی هەستی نەتەوەیی،هەر بۆیە ساواک و ئەمنی عیراقی خستبووە ترس و دڵەڕاوکێ ، و بێ وەچان وەک تەیرێکی باڵکراو و بێلانە و وەک رێبوارێکی برسی و ماندو دایم لەژێر ئازاریاندا بوو. هەر بۆیە زیرەکی تاقانە لە هەموو ژیانیدا چاوەروانی وچانێک بوو بۆ حەسانەوە بەڵام هەرگیز تووشی نەهات و بەبێ نێوبڕ هەڵوەدا و تەرە وتاراوی ژینگەکەی خۆی بوو.

بەراستی نەحەساوەیی و نەسرەوتن و ژیانی دەربەدری زیرەک وەک فیلمێکی سینەمایی جێگەی سەرنج و گریان بووە، کە دوژمنانی نەتەوەیی لە لایەکەوە و نەزان پەرستی و کەمتر خەمی گەلەکمان لە لایکیترەوە چییان بە سەر هێنا بوو، زیرەک بەو هۆنەرە بەرزەوە هەرگیز نەحەساوە.
زێرەک هۆنەرمندێکی بێتاوان بوو کە بە نەخوازیاوی و بە هۆی شەپۆلەکانی خۆشەویستیی خەڵکەوە کەوتە داویی سیاسەت، و بۆیە هەر چەوساوەیوە و نەحەساوەیوە ،و تەنانەت هۆنەرەکەی بو بە بە دوژمنی گیان و ژیانی خۆی و بەردەوام لە ژێر ئازاری نەداری و زیندان و لێدان و پەریوەیی و تەرەیی ماڵ و وەتەندا مایەوە. لە هەمان کاتیشدا ئاستی بێداری و رۆشنبیری نەتەوەیی کورد نزم و نەگونجاو بوو بەشێوەیەک کە بە داخەوە رێزی پێویستی لێنەدەگیرا. دوژمنانی نەتەویی باش دەیانزانی تواناەکانی زیڕەکی نەمر دەبێتە هۆی رۆشنایی و هەڵاتنی خۆری ئەوین و شارستانیەت و شۆرشێکی نوێ بە تایبەت بووژانەوەی زمانی کوۆردی، هەر بۆیە پلانی دارێژراو و ناجوامێرانەی ساواک و ئەمنی عیراق تەنگی بە ژینی زیرکی لێقەوماو هڵچنیبوو، هەر بوویە بە داخەوە زۆر زوو بە تەمەن کورتی کوچی دوایی کرد و چرای ئۆمێد و خۆری نەتەوەیمان زوو کووژایەوە.
بێ شک زیرەک ئەگەر لە وڵاتێکی ئازاد و سەر بەخۆ و خاوەن شارستانیەت و بێ تڕس و و دڵەڕاوکێدا بوایە پلەی بەرزی هۆنەری و بەرهەمەکانی لە رادەبەدەر جوانتر دەبوو.

ئەرکێکی نەتەویمانە کە کۆی بەرهەمەکانی زیرەک کە شوناس وناسنامە و چیرۆکی راستەقینەی داب ونەریتی کوردەوارین، بە نۆتی مۆسیقا و مێژوی گۆرانییەکانی بە شێوەی شیکردنەوەی زانستیانە ئامادە بکەین و رۆژانە بۆ گۆش کردنی منداڵانی کورد لە قوتابخانە و بنکەکانی فێرکاری مۆسیقا بە دەرس بیانڵێینەوە و رۆژانە لە هەموو مێدیاکان و تەلەفیزیون وراديوکاندا بڵاویان بکەینەوە و وەک نەریتێک کەڵکیان لێوەربگرین. بێگومان رێکارێکی باش دەبیت کە لەسەر کولتووری نەتەوەیمان بە ئەم شێوازە تازەیە کار بکەین، تا جێگە و پێگەی هونەری نەتەوەییمان لە مۆسیقای بێ سنووری جیهانیدا وەکو هەمو نەتەوەکانی جیهان دیاری بکرێت .

روح و روانی زیرەکمان شاد بیت، بەو هیوایەی کە نموونەی زیاتری ئەو پەیدا بیت کە ئەستەمیشە پەیدا بیت.

لەندن ٢٠٢١/١١/٢٨